سەرۆکی پارتی پێشوازی لە سەرۆکی هاوپەیمانیی سیادە دەکات

سەرۆکی پارتی پێشوازی لە سەرۆکی هاوپەیمانیی سیادە دەکات.

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی بارەگای بارزانی ڕۆژی چوارشەممە 3ی کانوونی دووەمی 2024 لە سەلاحەددین مەسعود بارزانی پێشوازی لە خەمیس خەنجەر سەرۆکی هاوپەیمانێتیی سیادە کرد.

لە دیدارەکەدا بیروڕا لەبارەی بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە و عێراق و دوایین پێشهات و هەڕەشە ئەمنییەکانی سەر عێراق و هەرێمی کوردستان ئاڵوگۆڕ کرا.

هەر لەو دیدارەدا ڕۆشنایی خرایە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق و هەماهەنگیی لایەنە براوەکان بۆ پێکهێنانی حکوومەتە خۆجێییەکانی پارێزگاکان و هەروەها پێویستیی دابینکردنی خزمەتگوزاریی بۆ هاووڵاتیان لە پارێزگاکانی عێراق.